# تراژیدیاو مەرگەسات

**باهۆز عەلی**

**هەر ئێستاکە دەتوانی ئەو چرکە ماوانە ببژێری لە تەمەنی هەزاران ئینساندا کە لە هەڕەشەی سبەینێ دا ئاوا دەبن، مردنی بەپەلەو شێنەیی بەبەردەم ئینسانەکانی ئەم ناوچەیەدا دێت و دەچێت. خۆزگە ئێستە دەمزانی بۆ سەربازەکانیان سەرگەرمی مەشق کردووە، بۆ بەئەندازەی قورسایی و ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکە چەك وتەقەمەنی و تۆپ وتانکیان بەڕێخستووە. ئایا ئەمەش کە دەگوزەرێ شۆڕشە و بۆ ڕزگاری خەڵکی ستەم دیدەیە ئاوا ئینسانی بۆ مەزاد دەکەن لە بازاڕی دیموکراسی و عەولەمەی دژی دیکتاتۆر ؟.**

**تراژیدیاو مەرگەساتێك لە پێشمانە و بەڕێوەیە، کابوسی ترس ومەرگ، برسی کردن و قەتڵ وعام سەرچۆپی گرتووە و زەماوەند بۆ دیموکراسی و بازاڕی ئازاد دەکا، بازاڕی شەڕ گەرمەو ئینسانەکان هەڕڕاج دەکرێن، بۆمبە قەزاو قەدەرەکانیش وەکو جاران بەر لەهاتن ئەو شوێن پێیانە هەڵدەگرن کە میلیشیا سەربازی یەکانی عێراق بۆی دەگەڕان. بێننە پێش چاو شەقامەکان ڕەنگی سوری خوێن هەڵگرێ، ئێجگار سەختەو بە هیچ کەسێ هەزم ناکرێ، مەگەر ئەوانەی کۆنگرە !!!!!!**

**ئاخۆ ئێستە تۆپ خانەکان چۆن جمەی بێت، چەکەکانیان کێ و کێ بکوژێ ؟ ترپەی دڵەکان چەند جار لێ بەن، دەبێ و دەبێ پرسیارەکان لە گەرودا چۆن بێنە دەر، چەند سەخت بێ و چۆن هەزم بێ ئەم هەموو دوژمنکاری و دژی بەشەری یەش لە عێراق دا بەس بۆ دیکتاتۆرییەتی سەدام بێ ؟ ئەی ئەو حکومەتەی کە لە پێشدا نهۆمی سەرەوەیان دروست کردووە، ناکرێ دروست چوار گوللەی وێلیشی لەگەڵدا بێ ؟ تا کەسی تر ئەزیەت نەخوا**

**ئەم نە شۆڕش و نەکودەتایەش، میلیشیایەکەی هەمان تیمساح هەمان گۆشت خۆر هەمان پایەگای دڕندەترین نیزامەکانی تا ئێستە و داهاتوشە بەڵام، وا ئەمساڵیش جەژنی لە باوك بوونیان بۆ گرت و ستایشیان بۆ ناردەوە، کۆنە ڕابەرانی ئەم میلیشیا یەشی لەگەڵدابێ حکومەتە خراپ و زۆر خراپەکەی کۆنگرەو وبەغدا شاییان کرد بۆ سیادە، مەڵبەندەکانی پێشمەرگەی کوردستانیش گوڵی هاوپەیمانیان بەیەخەی ڕابردوودا هەڵواسی، چونکە ئیتر ئەوانیش دەبنەوە بەشێکی ئیفتیخاری ئەو میلیشیا یەی کە تەنها یادگاریەکی بەوەفاو بەجێماوی سەدامە، نەمردن و بە میراتییەکەی شاد بوون.**

**********************************************************************کەنەدا ۲۰۰۳/۱/۱۵

تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ۱۵-۱-۲۰۰۳